# خەیاڵی خاوی سەرکردایەتیە
# یان دەست بەزاخا کردن؟

د. ئەحمەد میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com
MOHAMMAD5453@rogers.com

لەشاری سلێمانی یەکێك لەماموەستاکانی پۆلەکانی ئامادەیی کە وانەی کیمیای ئەدایەوەو لەمێژەخوالێی خۆشبوە ناوی (شەوکەت) ئەفەندی بوو. هەموو ساڵێ چەند جارێك قوتابیەکانی ئەبردە ژووری تاقیکردنەوە ( موختەبەر) بۆ سەلماندنی تیۆرییەکانی کیمیا, بەڵام هیچ جارێك تاقیکردنەوەکەی سەری نەدەگرت وتیۆریەکەی بۆی نەدەسەلما. خوا لێخۆشبوو هەتا خانەنشین کرا وازی لەم هەوڵە بێ هوودەیەی نەهێنا, هەموو کاتێکیش دوای نوچ هێنانی تاقیکردنەوەکەی بە قوتابیەکانی ئەوت ( بنوشن ألوهیم تەرکیب الژیهاژ) مەبەستی ئەوەبوو بلێ ئەو هەڵەی نەکردوە, گرنگی لەوەدایە جیهازەکە پێکەوە بنێی, جا ئەگەر تاقیکردنەوەکە سەری نەگرت زەرەر نابەخشێ. سەرکردایەتی پارتە کوردوستانیەکانیش بەتایبەتی سەرکردایەتی باشور وا نیو سەدەیە جار لەدوای جار لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ ڕژێمە جیاجیاکانی نێوچەکەدا هەر نوچ دەدەن . ساویلکەیی و دڵپاکی و نەشارەزایی سەرکردایەتی کورد, بەرانبەر لایەنی دوو ڕوو و پاشقولگر و بێ بایەخ بۆ هەموو مۆراڵ و بەڵێنیکی مرۆڤ ئاسایی توشی هەڵەی کوشندەی کردون. بەڵام هیچ جارێك, بەتایبەتی لەباروودۆخێکی ڕەخساوی وەکو ئەمرۆدا سەرکردایەتی باشور هێندە ساویلکانە تێنەکوتون.

جێگەی خۆیەتی کەسێك بپرسێ , ئەرێ نوێنەرانی کورد بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر لە بەغدا گێرمەو کێشمەی چیان بوو لەگەڵ بەرەی عەرەبدا ؟ ئەو نوێنەرانە کێ بوون ؟ من لەو بڕوایەدام جوتیارێك یا کرێکارێکی نەخویندەوار دەیتوانی کارێکی باشتر بکات ! چۆن توانیان دۆکۆمێنتێك مۆر کەن ئەنجامەکەی بە هیچی کوردان بیتەوە ؟ چۆن ڕازی بوون بە دەستوری کاتی ئێراق کە لەلایەن( یوئێن) یشەوە پەسەند کرا, کورد بێ ناوو و بێ خاك بکا ؟ و سەرەڕای ئەوەش پاساویشی بۆ بهیننەوە ڕووناکبینی لێبکەن. !

ڕازیبون بە کۆنستیتوشنی(دەستور) کاتی ئێراق وەکو ئاشکرایە لای هەمووکەس کوردی کردەوە هاو وڵاتی پلە دوو لە ئێراقدا و خاکەکەشی لەدەست دەرهێناوەو مۆرکی عەرەبی لێداوە, ئەمەش لە بڕگەی (ج) ی ماددەی 53 ی یاسای کاتیدا ئاشکرایە. جا سەد خۆزگە بە بەیاننامەکەی یازدەی ئازار!. دەبێ ئەوەش بزانین, ئێراق خوانەخواستە کە درووست بووەوە, ئەوا یاسا کاتییەکە دەبێتە بیناغەی داڕشتنی یاسای هەمیشەیی. یەکێتی و پارتی خۆشیان زۆر باش دەزانن لەو ڕاوندەشدا (جەولەیەدا) وەکو هەموو جارێکی تر دۆڕاندویانە, ئێستا خۆیان هەڵگرتوە لە داڕشتنی یاسای هەمیشەیی دا بیبەنەوە. کورد وتەنی بە مازوان تێکەوتون و بە سیچکان تێی هەڵدیننەوە!. داڕشتنی یاسای هەمیشەیی لە کاتێکدا دەبێ کەڕژیمەکەی ئێراق دەرپێکەی هەڵکێشاوەتەوە و نێوقەدی جەڕاندۆتەوە بەیارمەتی یەکیەتی وپارتی, و ئامادەیە بۆ شەق وەشاندن .

ئێستا علّاوی و یاوەر کە بەیاریدەی کورد بەپێوە وەستاون و گوایە پالەوانی دیمۆکراتی و ماڤی مرۆڤ و یەکسانین. هەتا ئێستاش داوای لێبوردنیان لە گەلی کورد نەکردوە لە ئەنفالکردن و کیمیا بارانکردنی !, ئەمەش عەرەب وتەنی (السکوت من الرضی) دەگەیەنێ! ئەی نەمان دی چۆن تەنگەتیل بوون بە ڕێپێوانێکی کورد بۆ رێفەڕادۆم ؟ ئەی نابینین یاوەر چۆن پشتگیری عەرەبە هاوردەکانی کەرکوك دەکات ؟. ئەی کاتێك ئامادەن بۆ شەق وەشاندن دەبێ چۆن لەگەڵمان بجولێنەوە ؟ دوای ئەو هەموو نەرێیەتیەی (نێگاتیڤایەتی) سەرکردایەتی و یاسای ئێراقی کاتی, هێشتان سەرکردایەتی کوردی ( یەکیێتی و پارتی) بانگەوازی جەماوەر دەکەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدا. هەندێك لە سەرکردەکانیان هەتا ئەو ڕادەیەش دەڕۆن و دەڵێن ئەگەر بەشداری نەکەین دەبینە هاو وولاتی پلە دوو. من سەرم سڕنامێنێ لەو سیاسەتکارانە, ئەوان کە بە پەنجەی خۆیان یاسای بەپلە دوویی کردنی کوردیان مۆر کردوە, دەبێ ئەو بانگەوازەش بکەن و تاوانی هەڵە کوشندەکانیان لە ملی جەماوەرەوە ئالێنن, هەر وەکو چۆن پێشتر پەڕلەمانە کارتۆنیەکەیان کردە شڕەی پێش لەشکر. دواڕۆژیش دەڵێن ئەی خۆتان دەنگتان نەدا ؟

ئەوەندەی ئاگادارم هیچکام لەو پارتە کوردوستانیانەی داکۆکی لەبەشداری هەڵبژاردنەکانی ئێراق دەکەن, ڕونیان نەکردۆتەوە, چۆن بە دەنگ نەدان دەبینە هاو وولاتی پلە دوو.؟ بەلای منەوە پێچەوانەکەی ڕاستە.

وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی زانست لە ڕامیاریشدا کە دووپات و سێ پات و دەپاتکردنەوەی تاقیکردنەوەیەك سەری نەگرت , دەسەلمێ کە ئەوە ڕێگەیەکی هەڵەیە و لەسەر ڕۆیشتنی کوتانی ئاسنی ساردە. دەبێ ڕێگەیەکی تر بگیرێتە بەر. بەداخەوە تازە بەتازە سەرکردایەتی یەکیەتی وپارتی گەیشتونەتە داواکاری فیدێڕاڵی لە وولاتێکی دێموکڕاتدا, کە هەرهەمان تاس و حەمامی داواکاری خودموختاری یە لەژێر ناویکی تردا. من بۆیە دەڵێم سەرکردایەتیەکانی یەکیەتی وپارتی چونکە دڵنیام داواکاری جەماوەری کوردوستانی بە ئەندامانی خۆشیانەوە زۆر جیاوازە, هەر بۆیەشە لە سەرەتاوە هەولّی ڕێفەڕاندۆمێکی ڕاستیان لەبار برد. ئەو داواکاریانەی ئێستا کە لە خودموختاریەوە گۆڕاوە بە فیدێڕاڵی. تەنها و تەنها داواکاری سەرکردایەتی دوو زلحیزبەکەیە و ئەوەشیان لەدەست داوە.ئەوان دەیانەوێ بە میللەتەکە بڵێن کەلەئێراقێکی دیمۆکڕات دا چارەسەری گرفتە نەتەوەیی یەکانی کورد دەکرێت و کۆتایی بە هەموو شتێکی ناجێ دێت. بێ ئەوەی گوێ بدەنە پاشقولی داگیرکەران بەدرێژایی مێژوو, یان لایەنە نێگاتیڤەکانی سیستێمی دیمۆکراسی.

بەبڕوای سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە, لەهەموو کات و شوێن و بارودۆخێکدا دەشێ ڕژێمێك هەلتەکێ و ڕژێمێکی دیمۆکڕاسی لە جێگەی دابمەزرێت.

هەڵەی ئەم بۆچونە تەنها لەوەدا نیە کە سیستێمی دێمۆکڕات گیروگرفت و داخوازییە نەتەوەی یەکان وەکو گیروگرفت و داخوازییەکانی تاکەکەس لە ئازادی ڕادەربڕین و بڕوای ئاینی و..هتد, چارەسەرناکات بەڵکو لە بڕوای سانایی و کورت خایەنی ڕژێم گۆڕینەکەشدایە بۆ ڕژێمێکی دیمۆکڕات.

هەردووووڵاتی ئیسپان و فەڕەنسای دیمۆکڕات, نمونەیەکی باشن بۆ پێشێلکردنی مافی نەتەوە, لە سیستێمی دیمۆکڕاتیشدا. ئەوەتا بەزەقی و بەبەرچاوی هەموو دونیاوە و لەناوجەرگەی ئەوروپای دیمۆکڕاتدا, بەهەردووڵا خەریکن گەلی( باسك) دەتوێننەوە. جا کە ئەمە هەڵسوکەوتی ووڵاتێکی خاوەن ئەزموونی شۆڕشی دیمۆکڕاتیخواز و ڕوخاندنی قەڵای پاستیلی سیمبۆلی ناڕەوایی بێ !. چۆن ڕژێمێکی دیمۆکڕات دادەمەزرێ و پارێزگاری لێدەکرێ, لە ووڵاتێکدا کە بەدرێژایی مێژوی نوسراوی سێ هەزارساڵەی, هیچ دەزگایەکی دیمۆکڕاتی تێدا نەبووبێ جگە لە دیکتاتۆری و تۆتالیتاری ؟

ڕژێمی دیمۆکرات بەکودەتایەك یان ڕاپەڕینی جەماوەرێکی ناڕازی لەڕژێم, ناچەسپێ وبەئاگری تۆپ و تەیارەش لە ووڵاتێکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ ووڵاتێکی دی. هەموو ڕوداوەکانی ناوچەش ئەمە دەسەلمێنن. ئەوەتا ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕژێمی دیکتاتۆری شای گۆڕی بە تۆتالیتاریایی ئاخوندەکان.

جێگری سوڵتانەکانی عوسمانی بیرو باوەڕە ڕەگەز پەرستانەکەی ئەتا تورکە. کودەتاکانی سوریاو ئێراق هەردوو ووڵاتەکەی گەڕاندەوە بۆ شۆفێنیزمی سەردەمی ئەمەویەکان و معاویە, کە خۆی لەڕژێمی ئەسەدی سوریا و سەددامی ئێراقدا دۆزیەوە, جێگری سەددامیش ئێستا باڵە تازەکەی بەعسە بە سەرکردایەتی عەللاوی و یاوەر. ڕوداوەتاڵ و دزێوەکانی شەڕی براکوژی و یەکنەخستنەوەی ماڵی کوردیش لە باشوری کوردوستان, دەسەڵاتی( هەولێر و سلێمانی )ش, ئەنجامی نائامادەیی خۆمانە بۆ وەرگرتنی دیمۆکراسی.

پسپۆڕو زانایانی ڕامیاری سەدەکانی پێشو و سەردەمیش لەو بڕوایەدان کە سیستێمی دیمۆکڕاسی زۆر بە گران دادەمەزرێ . لەبەر ئەوەی ئەرکێکی زۆر گران دەخاتە سەر شانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵ و شان دادەداتە سەر بارو دۆخێکی سۆشیالی وکولتوری و ئابوری پر گیروگرفت و پێکداهەڵچو.

زاناو پسپۆڕەکانی سۆشیۆلۆجیش لەو بڕوایەدان کە سیستێمی دیمۆکراسی تەنها لەکۆمەڵگایەکی زۆر خویندەوارو تاڕادەیەك دەوڵەمەند و پێشکەوتوو لەباری ئابووریەوە, بە واتای( بوونی چینێکی نێوەندی بەرفراوانی نێوکۆمەڵگا) سەردەکەوێ. هەرکاتێکیش ئەم بارودۆخە هاتە پێشەوە ئەوا دیمۆکڕاسێتی بە شێوەیەکی ئۆتۆمات دەرسکێ. بە واتایەکی تریش دیمۆکڕاسێتی بەزۆرەملێ بەسەر خەڵکدا ناسەپێ.

– جۆن ستوارت میلJon Stuart Mill – زانای ناسراوی ڕامیاری, سێ مەرجی سەرەکی دەخاتە پێش چاو بۆ بەدیهێنانی دیمۆکڕاسی !

یەکەم – دەبێ کۆمەڵگە ئامادەبێ بۆ وەرکرتنی .

دووهەم– دەبێ کۆمەڵگە بیەوێت و توانای ئەنجامدانی هەموو شتێکی پێویستی هەبێت بۆ مانەوەو ڕاگرتنی.

سێهەم – دەبێ کۆمەڵگە بیەوێت و توانای ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی هەبێت کە دەکەوێتە سەر شانی.

بێگومان ئەم مەرجانە ئەرکێکی گەورە دەخەنە سەرشانی سەرکردە و دانیشتوان. شەرتیش نیە هەموو دانیشتوان بتوانن پێڕەوی ئەو مەرجانە بکەن, بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەبێ زۆرینەی زۆری جەماوەر بەشداری تێدا بکەن و خۆیان بە خاوەنی بڕیارەکان بزانن , و خۆیان بە دیل و کۆیلەی بڕیارەکان سەیر نەکەن. ئەمڕۆ زۆر

له وولاَتان خۆیان به دیمۆکرات دەدەنه قەڵەم, بەڵام له ڕاستیدا تەنها له چەند وولاَتێکدا دیمۆکڕاسی پڕاکتیزه دەکرێ, ئەوانەش هەموو وولاَتی سەرمایەداری و هەندێکیشیان کۆلۆنیالیستن. ڕەنگه دیمۆکڕاسی یەتیەکەشیان به دڵی ئێمه نەبێ , لێ گەلەکانیان پێی ڕازین و ئامادەشن هەمووشتێك بکەن بۆ مانەوەی .

لەو وولاَتانەدا دیمۆکڕاسێتی کوتوپڕ نەهاتۆته کایەوە, بەڵکو ورده ورده و پاش هەوڵو کۆششێکی زۆر سەرکردایەتی یەکانیان ملیان کەچ کردوەو وازیان له دەسەلاَت هێناوه بۆ گەلەکانیان. ئەوەش دوای ئەوەی گەلەکانیان تێگەیشتوون که ڕژێمێکی دیمۆکڕات چ ڕۆڵێك دەبینێ له ژیانی ڕۆژانەیاندا و ئەویش چەند کاریگەره لەسەر ئەو ڕژێمه. هەولێ و کۆششی دیمۆکڕاتیزەکردنی بەریتانیا حەوت سەدەی کێشاوه و لەساڵی ( 1885) دا پەڕلەمان بەتەواوی بوو بەسەرچاوەی داڕشتنی یاسا و خێزانی مۆنارکی وەکوو سیمبۆڵێك مانەوە. له فەڕەنسا لەدوای ڕوخانی باستیلەوه هەتا دوای شەڕی جیهانی دووهەمیش دیمۆکڕاتی بەری نەدا. ئاشکرایه سیستێمەکان هەر یەکەو زەمینەی تایبەت بەخۆی گەرەکه.

جێن کیرکپاتریك _ نوێنەری ئەمەریکای سەردەمی( ڕۆناڵد ڕێگەن) له نەتەوه (Jean Kirkpatrick)

یەکگرتوەکان , له کتێبێکدا بەناوی (دیکتاتۆرەکان و دوو پێوانه) دا ئەڵێت : ئەبێ بەها و گرنگی سیستێمی دیمۆکڕات له بەرنامەی فێرگەکاندابن. لەبەر ئەوەی جۆری ڕژێم له وولاَتێکدا سەرەنجامی پێوانەو بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتی هاوولاَتیانیەتی.

له وولاَتانی دیمۆکڕاتدا فێرگەکان دەزگایەکن لەلایەن هاوولاَتیانەوه هاتوونه کایەوه و بەڕێوه دەچن, بەنیازی ئامادەکردنی منداڵان بۆ داهاتوو. لەبەر ئەوه دیمۆکڕاسی و پێوانەکانی له بەرنامەی فێرگەکاندان , ئەوان دەزانن قوتابیانی ئەوڕۆ داڕێژەر و بەڕێوەبەری یاسای پاشەڕۆژن. پلێتۆش (ئەفلاتون) ئەڵێت یاساکان له دار و بەرد دروست نەکراون بەڵکو بەستراون بەکارەکتەری دانیشتوانەوه.

هەڵبژاردنی دیمۆکڕاسیانه له کاتێکدا ڕووئەدا که هەموو گرووپ و لایەنەکان یان زوربەی زۆریان ئامادەبن هەمووگیروگرفتێك به ووتوویژ ببڕنەوه, نەك به بەکارهێنانی زەبر و زۆر و گولله. شەرت نیه چەك له ئارادابێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێك ببێته شەڕ و خوێن ڕشتن, بەڵکو ئامانجی بەشداران و بڕوایانه بەوەی چی ڕەوایه و لەشوێنی خۆیەتی و چی ناڕەوایه و بێ جێیه. ئەم بڕواو ئامانجانەش لەپڕێکدا له ئاوەزی مرۆدا جێگیر نابن و ناچەسپێن, بەڵکو ئەنجامی فێرکردن و فێربونه له دەوروبەرەوه.

له وولاَتانی داگیرکەری کوردوستاندا قوتابخانەکان, ڕژێمەکان دەیانبەنه ڕێوه, لەبەر ئەوه ئەخلاق و کولتوور و یاسا و بیروباوەری سیاسی بەشێوەیەکی گونجاو بۆ ئەو ڕژێمانه لەناو بیر و هۆشی نەوه تازەکاندا چلوره پێدەبەسترێن. ئاشکراشه ئەو بیر و باوەڕانه زۆر دژه دیمۆکڕاسین.

ئێراقی ئەمڕۆ و ئایندەیەکی دووریش هەر وەکو ئێراقی کۆن, له هیچ بارەیەك لەوانەی لەپێشەوه باسمان لێکرد بنەمایی دیمۆکڕاتیزەکردنی تێدا نیه. ئەوەتا وەکو خوا لێخۆشبوو مەسعوود موحەمەد گوتەنی ( لایەنه

سیاسیەکانی ناوچە هەتا ئێستاش ڕێزیان بۆ بیروباوەڕەکەی خۆشیان نییە جا چۆن ڕێز لە دێمۆکڕاسی دەگرن) ؟ ئەی ئەوەنیە بە ئاشکرا ڕۆژانە لە ڕێکەوتن و بەڵێنەکان پەشیمان دەبنەوە !

بەسەرهاتەکانی کوردوستان لە ئەنفالکردن و کیمیا بارانکردنی دانیشتوانی سیڤیلّ, تۆزێکیش هەستی لچ شۆڕەکانی نەبزواند, بەڵام ئێمە هەموو تاوانەکانیان دەخەینە ملی ڕژێمەکانیان گوایە ڕژێمی دامەزراوی وڵاتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارەکانن. ئەی بۆ ئێراقی ئایندە لە دامەزراندنی کێ دەبێ ؟ خۆ ئەگەر وەهاشبێ ئەی بۆ جارێکیش ناڕەزاییەك لە لەلایەن جەماوەری عەرەبەوە لە وولاتێکی عەرەباندا بەرز نەبۆوە لەسەر هەولی جێنۆسایدی کورد؟. تۆ بلّێی جەماوەرەکەشیان دروستکراوی ئیستیعمار بێ ؟ ئەگەر لەسەردەمێکدا هەندێك لەو ڕژێمانە لە دەستکردی وولاتە ئیمپریالیستەکان بوون, ئێستا زوربەیان بەرهەمی کارەکتەرو کولتووری ئەو گەلانەن. کولّتوورێکی دوور لە شارستانێتی و دیمۆکڕاسی, کولّتوری شمشێر وسەربڕین و ئەنفال .

دیمۆکڕاتیزەکردنی ئێراق بەم زوانە خەونێکە عەرەبەکان خۆشیان خەونی پێوە نابینن ئەوە هەر یەکیەتی و پارتیە بوونەتە زورناژەنی .ئەوان بە شێوەیەك هزریان ڕامکراوە جیابوونەوە بە وشەیەکی ناڕەواو ناشرین دێتە بەرگوێ.

یەکیەتی و پارتی هەتا ئێستا سەربەخۆیی و ئازادی کوردوستان لە بەرنامەیاندا نیە, ئیتر لە ئێراقچێتی زیاتر هیچی دیان لێ هەڵناوەرێ. ئەی ئەگەر بۆ دەست بەزاخاکردنی گەلە بەسەزمانەکەمان نەبێ بۆ خۆیان نازانن کە لە پەرلەمانی ئێراقی ئایندەشدا ئەگەر ئێراقێکی دیمۆکڕاتیش بێ, کورد کەمایەتیەو هیچی پێ ناگۆڕێ ؟

زیدە لە هەشتا ساڵ تێکۆشان و دوای سەدان هەزار قوربانی لەپێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی ئێراقدا, تازە بەتازە یەکیەتی وپارتی زیاترلە هەموو نەتەوە پەرستێکی عەرەب ئێراقچێتی دەکەن. هەموو هۆیەکەش دەگەڕیتەوە بۆ هەوێساری نێوانیان کە قەت کۆتایی نایە و کورد بە هەزار هەڵدێردا دەبەن .

ئەی گەلی کوردی تێکۆشەر ! نزیکەی سەدەیەك تێکۆشان و سەدان هەزار قوربانی بۆ دروستکردنەوەی ڕژێمی چەوساندنەوەو جێنۆسایدی کوردان نەبوە, بۆ لەبیرکردنی کۆمەڵکوژیەکەی زەعیم سەدیق نەبوە ! بۆ لەبیرکردنی بە زیندوێتی سوتاندنی دانیشتوانی سیفیلّی پەنابەری نێو ئەشکەوتەکان نەبوە, بۆ لەبیرکردنی نوزەی زیندە بەچاڵکراوەکانی ئەنفال نەبوە, بۆ هەتککردنی شەرەف و ناموسی هەزاران خێزانی کوردنەبوە, بۆ( عفاألّلاە و عەمماسەلەفی) کیمیابارانی گوندەکانی دۆلّی بالیسان و هەڵەبجەی شەهید نەبوە, بۆ فرۆشتنی سەدان کیژی کورد بۆ کەنیزە و ئامرازی سێکسی عەرەبان نەبوە ....دەبا ئەمانە نامەیەکمان بدەنێ و ئێمەش نامەیەك بە سەرکردەی کوردو و ئەمەریکاو دونیا بدەین. بەدەنگ نەدان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراقدا کاردێکی تازە بۆخۆمان دەکینەوە. ئەمەریکاش ناچاردەبێ ئاوڕیکمان لێ بداتەوە. بە دەنگدانیش بە حوسنو ڕەزای خۆمان (سم) بە بەکۆیلەکردنی خۆماندا دەنێین.

ئەرێ هیچ ماوە پێمان نەکرابێ کە موچوڕکێکمان پێدابێنێ و واز لەم ئێراقچێتیە بهێنین ؟

ئەی گەلی کوردی کۆڵنەدەر, چارەنوست بەدەستی خۆتە و گلەییت لە کەس نامێنێ!

هەڵڕژێنە سەر شەقامەکان نا نا  بۆ ئێڕاق.... بەڵێ بەڵێ بۆ کوردوستانێکی سەربەخۆ..!

2004-11-28 کەنەدا